ئەنجومەنی دادوەری

ژمارە: ٥٩ لە ٢٠٢٤/١/١٦

بڕیار

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٥) بەسترا بە شێوەی (ئۆنلاین) بە مەبەستی پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک /گەرمیان کە پێشنیار کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان بە نووسراویان ژمارە (٨٩لە ٢٠٢٤/١/١٥) دوای دیراسەتکردنی بابەتەکە وە پشت بە حوکمی ماددە (١٩/دووەم) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک/گەرمیان وە دەسەڵات درا بە (سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان) بە دیاری کردنی تایبەتمەندی جۆری (الاختصاص النوعی) ئەم دادگایە .
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبە جێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

دادوەر

عبدالجبار عزیزحسن

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

ژمارە: ٦١ لە ٢٠٢٤/١/١٧

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤

ئاماژە بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٥١١٧) لە ٢٠٢٣/١١/١٢ بڕیارماندا بە:

- هە لۆەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بەکاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ، کە لە ژمارە (٣٠٥)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ بڵاوکراوەتەوە .
- کار بە ڕێنمایی پێشوومان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ (ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوینسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان) بکرێت .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٤/١/٢ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

حەمەی حەمە سەعید

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان